# مێژووی کۆچی کورد بۆ لوبنان

محەمەد گەلاڵەیی_سۆران*

ئەگەر دیرۆکی نەتەوەی کورد پڕ بێت لە چەوساندنەوەو ماڵوێرانی، ئەوەندەش سەدەکانی ژێردەستەییو شۆڕش و ڕاپەرینەکانی پڕبووینە لە کۆچکردن، کوردیش بۆ وڵاتێکی دروایێ یاخود بۆ کیشوەرێکی دیکەو دۆزینەوەی پەناگەیەکی تر بۆ ژیانو گوزرەان و ڕەخساندنی هەلێکی گونجاوتر بۆ داهاتویان، ئەوەی مەبەستمە لەم کورتە لێکۆڵینەوەیەدا بینوسمو ئاماژەیەکی کورتی مێژووی پێ بکەم لە دێرۆکی کۆچی کوردە لە گشت پارچەکانی کوردستانە بۆ وڵاتی لوبنان، کە ئەمەش چەند سەدەیەکی خایاندووە، کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە ئەو قۆناغە مێژویانە دیاری بکەینو دواتر هۆکاری کۆچکردنەکەیانو ژمارەیانو لەگەڵ ڕێڕەوی کۆچبەرانو باری ئێستای ژیانیانو، ئەنجامێکی کورتیش لەم بارەیەوە بخەینە ڕوو بۆ خوێنەرانو خوێندکارانی زانکۆو بەتایبەتی بەشی مێژووی کورد.

### قۆناغەکانی کۆچکردنی کورد بۆ لوبنان

### دابەش دەبێتە سەر سێ قۆناغی مێژوویی.

## قۆناغی یەکەم: لە سەدەکانی پێشووەوە بۆ سەدەی بیستەم*

لەم ماوە دوورو درێژەدا لێکۆڵینەوەو سەرچاوە کوردیو عەرەبیەکان یەکەمین ئاماژەکردنیان بە کۆچی کورد بۆ ئەم وڵاتە بنەماڵەی ئەیوبیەکان بووینە، کە کاتێك باوکی سەلاحەددینی ئەیوبی کۆچ دەکات بۆ سووریاو دواتریش بۆ لوبنان، کە هۆکارەکەی ئەوەبووە کاتێ لە تکریت کەسێکی ئەوان پاسەوانێکی بەهرۆزی سەلجووقی دەستەڵاتداری ناوچەکە دەکوژێت، پاش ئەمە بە بریاری بەهرۆزی سەلجووقی لە تکریت دەدردەکرێن، ئەوانیش دێن بۆ موسڵ و دوای بە حەلەبو سوریا دەڕۆن تا دەگەنە باکوری لوبنانو بەتەواوی تێیدا نیشتەجێ دەبن. ئەمەش بەیەکەمین کۆچی کورد دادەنرێت بۆ لوبنان کە لە کوردستانی باشوورەوە سەرچاوەی گرتووە، دوای ئەمانەش هەندێ لە دانیشتوانی ناوچەی شارەزور کۆچیان کردووە لەبەر زۆرداری مەغۆلەکان بۆ شام کە وڵاتی لوبنان بەشێکە لێی لەرووی جوگرافیادا، بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی بەتەواوی ئاماژەی نەکردووە کەوا خەڵکی شارەزوور لە سەدەی سێزدەی کۆچیەوە چووبن بۆ ئەو وڵاتە، لە دوای ئەیبوبیەکانیشدا بەرەسمی ئاماژە کراوە بە هۆزی "سەیفا"یەکان، کە ڕۆڵێکی گەورەیان بینووە لە دوژمنایەتی کردنی دەوڵەتی عوسمانیدا، کە چەند میرێکی کورد بووینە لەنێوان ساڵانی 1528_1579ز. کە توانیان حکومی ناوچەی تەرابلوس بکەن بە وەزیرایەتی "یوسف" ناوێکە، هەر ئەم هۆزەش لەناوچەی هەکاری کوردستانی باکوور کۆچیان کردووە، لەلایەکی تریشەوە هەندێ لەسەرچاوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە"سەیفا"یەکان تورکمان بن، بەڵام زۆربەی لێکۆڵەرانی بواری مێژوو ئەم قسەیە ڕەت دەکەنەوەو پێیان وایە کوردی ڕەسەنن لەوانە: دکتۆر عەبدولرەحیم ئەبو ئەمین، کە پاڵپشتی کوردبوونیان دەکات، لەدوای ئەمانەدا هۆزی مەراعییەکان کە بەڕەچەڵەك کوردنو لە خێزانە دێرینەکانی لوبنانن کە ئەوانیش چەند میرێك بووینەو باپیرە گەورەیان مەرعی ئاغای ناوچەیەکی هەکاری بووەو، خاوەن موڵكو سامانێکی زۆربووینە لەکوردستانی باکووردا، بەتایبەتی لە ناوچەکەی خۆیاندا، هەروەها یەکێك لە نەوەکانی ئەو بنەماڵەیە لە ساڵانی (1972_1992_1996)ئەندام پەرلەمانی لوبنان بووە، بەناوی (تەلال ئەل مەرعی) لەسەر لیستی سوننە مەزهەبەکان، هەر لەم قۆناغەشدا تێبینی دەکرێت خێڵی "گیان پۆلاکان=جون بلاگ" کۆچیان کردبێت، کە مێژووی کۆچەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەی زاینی کە سەرۆك هۆزەکەیان ناوی "سەعید گیان پۆلا" بووەو، شۆرشی لە دژی سەدری ئەعزەم و موردا پاشای دەوڵەتی عوسمانی بەرپا کردووەو دواتر دەخرێتە زیندان لە ئەستەمبوڵو پاش ماوەیەك ڕادەکات بەرەو لوبنانو لەگەڵ هەندێ لە خێڵەکەی، کە ئێستا یەك لەنەوەکانی ئەو خێلە سەرۆکی پارتێکی لوبنانیە بەناوی " پارتی پێشکەوتنوئیشتراکی لوبنانی" کە "ولید جون بلاگ= وەلید گیان پۆلا"، کە مامۆستا ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی خلاصیەکی کوردو کوردستاندا، ئەم هۆزەی بە کورد داناونو بە پێی تێپەڕبوونی کاتیش ناوەکەیان لە "گیان پۆلاوە گۆڕاوە بۆ جون بلاگ". ئەمەش بەهۆی مانەوەیان لەناو ژینگەیەکی عەرەبی زماندا کە هۆکاری سەرەکی بووە، دوای گیان پۆلاکان ئامێدیەکان کە با پیرە گەورەیان لە"عیمادە" کە شارۆچکەیەکە سەر بە پارێزگای دهۆك بۆ ئەوێ کۆچ دەکەن، بەڵام مێژووی کوچکردنیان و ڕێرەوی کۆچەکەیان تا ئێستا دیار نییە، ئەوەی زیاتر دەسەلمێنێت بۆ کۆچکردنی ئەوانو ئەسڵبوونیان بۆ کورد

دەگەڕێتەوەو سەرچاوە ڕەسەنەکانی مێژووش دەڵێن:" هۆزی عمادیە کۆچیان کردووە بۆ لوبنان‌و بەئەسڵ کوردن‌و لەناوچەیەکی کوردنیشیندا هاتوون". دوا کۆچی ئەم قۆناغەش هۆزێکی ترە بەناوی "حەمییەکان" کە بنەماڵەیەکی "شیعە مەزهەبن" لە کوردستانی باشوورەوە چوونەتە لوبنان‌و لە ناوچەی (دەشتی بیقاع)دا نیشتەجێ بووینە، و ئەسڵی ئەمانەش دەگەڕێتەوە سەر باپیرە گەورەیان حەمۆی کوردی کە سەرچاوە نووسراوەکان واتا"تازەکان" لەبارەی ئەمانەوە دەڵێن:(تایفەیەکی سەرەکی شیعە مەزهەب‌و کوردن لە لوبنان کە بەتەنیان).

## قۆناغی دووەم: لە 1900_1940

لە ماوەی ئەو چڵ ساڵەدا هۆزو خەڵکێکی زۆری کورد کۆچ دەکەن بۆ لوبنان، بە تایبەتیش ئەگەر بڵێین کە بە تەنیان‌و کۆچی خێڵە گەورەکان وەکو پێشوو نەبووە، کە ئاماژەمان پێدان، بەڵکو کۆچی بنەماڵەو تاکەکەسی‌و شۆڕشگێڕو نانبڕاوەکان و سەرگەردانەکان بووە، کە بەشداریان کردبوو لەشۆڕش‌و ڕاپەرینەکان‌و بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێت ئەم قۆناغە:

یەکەمین: لەسەرەتای ساڵانی 1900و دوای جەنگی جیهانی یەکەم‌و چەندین شۆڕش‌و ڕاپەرین سەرهەڵدەدەن بەتایبەتی لە کوردستانی باکوورو باشووردا، لە بەرانبەر ئەمەشدا توندوتیژیەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەرانبەر بە سەرکردە کوردەکان و نزیکی سنوری لوبنان لەگەڵ کوردستانی باکوروو ڕۆژئاوا کۆچکردن بەردەوام بووە، کە دەشبینین لە دوای شوباتی 1925 شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران هەڵدەگیرسێت و بە گەلەکۆمەی نێونەتەوەیی لەناودەبرێت، زۆرێك لەبەشداربووانی ئەو شۆڕشە کۆچ دەکەن بۆ لوبنان ئەمەش بەیەکەمین کۆچی لەو جۆرە دادەنرێت کە خەڵکێکی زۆر بووینە لەهەموو چین‌و توێژەکان لە شاری ماردینەوە تا دەگاتە ئامەد چووینە لوبنان.

دووەمین: هەڵگیرسانی شۆڕشەکەی (ئاگری داخ =ئارات)بە سەرکردایەتی ئیحسان نووری پاشا، کە لەدوایشدا بەهاوکاری دەستەڵاتی پەهلەوی‌و تورکەکان شۆڕشەکە لەناوچوو، کە لەنێوان ساڵانی 1930_1932 بەردەوامی کێشا، بەدوای دامرکانەوەی شۆڕشەکەشدا وەکو جارانی تر بەشداربووانی شۆڕش کۆچیان کرد بۆ لوبنان کە زۆربەیان خەڵکی کوردستانی باکوور بوون.

سێیەمین: لەسەرەتای ساڵانی 1940 بەدواوە کوردێکی زۆری کوردستانی باکور کۆچ دەکەن بە هۆی خراپی باری ئابووری تورکیاو هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم. کە کاریگەری بەسەر بارودۆخی تورکیادا هەبوو، کە لەهەمان کاتیشدا وولاتێکی بێ لایەن بوو لەم شەڕەدا، بەڵام بارودۆخی جیهان‌و شلۆقانی هەر بەتەنیا کاریگەر نەبوون لەسەر تورکیا، بەڵکو لەسەر هەموو وڵاتان بوو، هەر لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد خەڵکێکی زۆر لە سنووری کوردستانی باکوور کۆچ دەکەن بۆ ئەم وولاتەو هەندێك لەبەشداربووانی کۆماریش لەگەڵیان دەبن لەبەرئەوەی نەبادا دەوڵەتی تورك لاسایی کۆمەڵکوژیەکەی شای ئێران بکاتەوە.

## قۆناغی سێەم: لەدوای ساڵانی 1947_1961

لەم قۆناغەدا کۆچکردنی کورد بۆ لوبنان بەرێژەیەکی زۆر کەمدەبێتەوەو هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دروستبوونی پارتی سیاسی‌و هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێتری یەك بەدوای یەکدا لەوانە شۆڕشی ئەیلول، کە لە کوردستانی باشووردا هەڵگیرساو لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەشداری ئەو شۆڕشەیان کرد بە یارمەتی جەستەیی‌و مادی بۆیە خەڵکەکە تا نسکۆی ساڵی 1975 لەگەڵ شۆڕشدا مابوونەوەو ڕۆژ بەدوای ڕۆژدا دەهاتنە ئەو بەشە ئازادکراوەی کوردستان‌و هیوایەکیان بەو شۆڕشە هەبوو، بەڵام کە دواتر خەڵکی کوردستانی باشوور ئاوار دەبن بۆ ئێران کوردی پارچەکانی تریش بەرەو لوبنان‌و ئەوروپا مل دەنێن، بۆ نموونە: لە نێوان ساڵانی 1961_1980 زیاتر پارتی سیاسی دامەزران‌و خەباتی نێهنی‌و شاخیان کردووەو جۆرێك لەبەرگریکردن لە نیشتمانی کورد پەیدابووە. هەروەها هۆکاری تریش هەبووە کە لەم ماوەیەدا کورد زیاتر ڕووی لە ئەورووپاو ئەمریکادا کردووە نەك لوبنان، بەڵام پاش ساڵی 1980 دووبارەو بەهۆی کودەتاکەی کەنعان ئەڤرین لە تورکیا کوردێکی زۆری کوردستانی باکوور کۆچ دەکەن بۆ لوبنان، هەروەها دوای جەنگی کەنداوی دووم 1990_1990 و لەهەمان کاتیشدا ڕوودانی کۆڕەوە مەزنەکەی کوردستانی باشوور خەڵکێکی زۆر بۆ گەیشتنیان بە ئەووروپا چوونە لوبنان بە ڕێگای سوریاو تورکیادا. بەهەمان شێوەش دەبینین کوردانی سوریا بۆ لوبنان دەچن بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان دابین بکەن‌و زۆربەیان لەوێ دەمانەوە بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژەدەکەن بەوەی کە زۆرینەی کوردانی لوبنان ناسنامە یان ڕەگەزنامەیان نییەو پێیان نەدراوەو

ئامارێکی گشتی لەبەردەستدا نییە بەلاّم ئەوەی هەیە و تا ساڵی 2000 ئاماژە بەوە دەکرێت (100000_600000) کورد لە لوبناندا نیشتەجێن.

## ڕێڕەوی ئەم کۆچکردنە وەکو سەرچاوەکان باسی لێوەدەکەن بەم شێوەییە بووە:

زۆربەی ئەو کۆچانەی کراوە بۆ وڵاتی لوبنان هەمووی کوردی کوردستانی باکوور بووینە بە پلەی یەكو دوای ئەوانیش ڕۆژئاوای کوردستان بە پلە دوو دێت ئینجا کوردی کوردستانی باشوور، بەلاّم لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی یان لایەنێك ئاماژەی بەکۆچی کوردانی کوردستانی ڕۆژهەلاّت نەکردووە، کە تا ئێستاش هۆکارەکەی دیار نییە، ئەمەش ڕێڕەوی کۆچەکەیە:

لە ویلایەتەکانی تری کوردستانی باکورەوە بۆ مادرینو لەوێشەوە بۆ نوسەیبینو تا گەیشتونەتە سەر سنوری سوریاو ڕاستەوخۆ دەچوونە شاری قامیشلیو لەوێش بۆ حەسەکەو حەما هەر لەوێوە بۆ سەر سنووری لوبنانو تا دەگەیشتنە باکووری ئەو ولاّتە لە دوای ئەمەشدا دەچوونە پایتەختو دەوروبەری، سەبارەت بە کوردی کوردستانی باشوور ئەیوبیەکانو حەمییەکان ئەم دوو بنەماڵەیە لە مووسڵ ڕۆیشتونە بۆ شامو سەرەتاش چوونەتە شاری حەلەبو دواتر بۆ ماوەیەکی کەم لە باکووری لوبنان لە شاری تەرابلوس نیشتەجێ دەبن. هەر سەبارەت بە ئامێدیەکانیش بەهەمان شێوە بۆ سوریاو دواتریش بۆ لوبنان کە بەتەواوی ڕێڕەوی کۆچەکەیان دیار نییە، سەبارەت بە کوردستانی ڕۆژئاواش ئەوان هاوسنوور بووینەو لە شارەکانی حەلەبەوە لە وێشەوە یەکسەر بۆ لوبنان و لە(دەشتی بیقاع) گیرساونەتەوەو تاوەکو ئێستا لێی نیشتەجێن.

## ئەو هۆکارانەی بوونەتە پاڵنەر کە کورد بۆ لوبنان کۆچ بکات.

1. کۆچی کورد لە قۆناغی یەکەمدا( ئەیوبیەکان، سەیفایەکان، مەراعییەکان، گیان پۆلاّکان، ئامێدیەکانو نەوەکانی حەمییە) ئەمانەو هۆزێکی تر، هۆکار گەلێك هەبووە کە ئەم هۆزانە کۆچ بکەن بۆ ئەم وولاّتە، بۆ نموونە: کە ئەیوبیەکان پاسەوانێکی بەهرۆزی سەلجوقفی دەکوژنو کۆچیان پێدەکرێت، گیان پۆلاّکان ڕاپەرینیان لەدژی عوسمانیەکاندا هەڵگیرساندووەو دوای لەناوبردنی ڕاپەرینەکەیان کۆچیان کردووە بۆ لوبنان.

2. کۆچی کورد لە قۆناغەکانی دوورەمو سێیەمدا بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی دەگەرێتەوە:

ئەلیف: بارودۆخی گرانیو نارەحەتی ژیان لەناوچە کوردنیشنەکاندا، بە درێژایی ماوەیەکی زۆر وەکو لە وولاّتی تورکیا بارێکی ناخۆشی ئابووری بۆ کورد تا ئێستا بەردەوامە، ئەمەش وایکردووە لەو سەردەمەدا کورد هەواڵیو خۆشیو سەرفرازای ژیان لە لوبنان ببیستێتو ڕووبکەنە ئەوێ .

بێ: هەڵگیرسانی شۆرشو ڕاپەرینەکانی کورد بەبەردەوامی هۆکاری سەرەکی بووینە بۆ کۆچکردنی کورد لەوانە شۆرشەکەی شێخ سەعیدی پیرانو ئەوانی ترو زۆربەی کورد کۆچیان کردووە بۆ ئەو وولاّتە، دوای دامرکاندنەوەی شۆرشو ڕاپەرینەکانی کورد لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە.

جیم: ئاژاوەگێری بەردەوام لە نێوان ئەندامەکانی گرینگترین خێڵەکانی کوردستانی باکوور بۆ نموونە: ناکۆکییەکانی نێو خێڵی عومەریانو ئەم ناکۆکیەش وایکردووە ئەمانە بۆ دووبەش دابەش بنو ببنە دەستەی مەحمودکیو عوسمانکی کە ئاژاوەکەشیان لەسەر زەویو زار بووە، بۆیە دەستەیەك لەمانە کۆچ دەکات بۆ لوبنان.

دال: بەڕای من کۆچی کورد بۆ لوبنان هۆکاری تریش هەبووە لەوانە نزیکیەکی هەیە لەگەڵ سنووری سروشتی کوردستانو بەتایبەتی لەرووی ئاووهەواو کشتوکاڵ کردنەوە.

## ئەنجام

کۆچی کورد بۆ لوبنان بەهۆی چەندین، هۆکاری ناوخۆو دەرەکی کە باسمان کردن بوونەتە کارتێکەر بۆ ئەوەی هۆو تاکی کورد لە گشت چینو توێژەکانی کۆمەڵی کوردستانیو مەزهەبەکانو کەسانی سیاسی و ئاینی بتوانن کۆچ بکەن بۆ لوبنان.

## ⋆تێبینی

بۆیە قۆناغی یەکەممان بەو شێوەیە دانا لە سەدەی 12_20ز دەست پێدەکات، چونکە شۆرشو راپەرینو بەرێژەیەکی زۆر نەیووینە وەکو قۆناغەکانی ترو تا ئەمرۆ و سەرچاوەکانیش کەمن کە باس لە قۆناغی یەکەمی کۆچکردنی کورد بکەن بۆ وڵاتی لوبنان .

**ژێدەرەکان :**


1. تاریخ الدوله والامارات الكرديه فى عهد الاسلامى ،ن محمدأمين زەكی بەگ، ترجمه الى العربيه، محمد عەونى 1945 قاهيرە.

2.دور الاكراد فى بناو الاردن الحديپ، محمد على الصويركى الكوردى، 2004، الاردن.

3.كورد گەلی مەینەتیەکان، ڕەوشی دیمۆگرافیو ئابووریو کۆمەڵایەتی کوردەکانی لوبنان، جاسم محمد محمد على ، 2004، سلێمانی.

4. نەژادی کورد لە لوبنان، خەلیل شەڵماش،2002، سلێمانی.


*خوێندکاری قۆناغی چوارەمی بەشی مێژووی کورد لە زانکۆی سەلاحەددین_هەولێر

تێبینی: لە بەهاری 2006 لێکۆڵینەوەکە نووسراوە.